
www.kungfutoa.ch/ayub.rahmani



# چ جۆرە ستراتیژێک دەیتوانی بەر بە هێرشی فاشیزم بۆ سەر خاکی کوردستان بگرێت؟

ئەیوب ڕەحمانی
rahmayub@yahoo.de

لە ڕۆژی 25ی مانگی ڕەزبەری 2707 دە ڕۆژ پێش ئەمڕۆ، پارلمانی تورکیە ئیزن و فەرمانی دا بە دەوڵەتی تورک کە تا یەک ساڵ بۆیان هەبێت کە لە ناو خاکی باکوری کوردستانەوە هێرش بکەنە سەر باشوری کوردستان واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە بەهانەی ئەوەی کە شوێن شەروانەکانی پ.ک.ک دەکەون، سەروەری و هێژمۆنی خۆیان بە سەر کوردی ئەم بەشەش لە کوردستان داسەپێننەوە و هەر وەک مێژوی کۆنتر واتە 493 ساڵ لەمەوبەر، بە دوای شەڕی سێ ڕۆژەی چاڵدران[1] و بڕیاری قەسری شیرین کە خاکی کوردستان لە بەینی شا سمایلی یەکەمی سەفەوەی (ئێران) و سوڵتان سەلیمی یەکەمی (دەوڵەتی عوسمانی) ئەوکاتدا لە ساڵی 1514ی زایینی واتە ساڵی 2214ی کوردی دابەش کرابون، دوبارە کوردستان داگیر بکاتەوە و لەوانەیە تورک ئەم خەونەی بۆ کورد دیبێتەوە و بە تەما بێت کە ئەو بڕیارە کۆنە زیندو بکاتەوە و بە خەڵکی جیهانیش بڵێت کە ئەم کوردانە پێشتریش هەر بندەستی تورکانی سەلجوقی بون و ئێمە سەروەریان بوین و دەبێت دوبارە بێنەوە ژێر ڕەکیفی فاشیزمی تورکی و ڕەنگە هاوپەیمانەکانیشی پشتیوانی لێ بکەن و ئەم خەونەی تورک بێتەوە دی!!

کوردی وەک هەمیشە پەرتەوازە و بێ ستراتیژی، ئەم شتانە زۆر بە هەند و جیدی وەرناگرێت، تا ئەوەی کە کار لە کار دەترازێت و ئەوجار ئیتر بە هیچ جۆرێک ڕزگاری نابێت. ناحەقم مەگرن کاتێک کە بەم جۆرە لە سەر کورد دەدوێم بۆ ئەوەی کە بەڕاستی هەر وایە. چاو لێ بکەن، لە کاتێکدا کە تورک بەو بەشە داگیرکراوەی کوردستانی باکور ڕازی نابێت و دایمە لە بیر و هۆشی ئەوەدایە کە بەشێکیتری باشوریش داگیر بکات و بە خاکی خۆی زیادی بکات، بە پێچەوانە، کورد کە خۆی ئەسڵی کێشەکەیە و دایمە لە پەرتگا یا شوێنی ئاخری کەوتنەخوارەوەدایە، مشوری خۆی ناخوات و ستراتێژی داهاتوی لە هیچ کوێیەک دیار و مەعلوم نیە و ڕێبەرەکانی ئایەی یەئس و نائومێدی دەخوێنن و حیزبەکانیش سیاسەتی چاوەڕوانی ئیشاعە دەدەن و لەم ڕۆژانەی دوایشدا جەنابی ئەبوبەکری مودەریسی سەر بە "حزب کومله کردستان ایران" نوسراوەیێکی بڵاو کردوتەوە و بە بێ ئەوەی کە ئەم نوسراوەی خۆی پێ بڤە بێت، سیاسەتی چاوەڕوانی بۆ خەڵک شی دەکاتەوە و پیشی وایە کە هەمو هەر چاوەڕوانین، تا ئەمریکا یا تورکیە یا دەستێکی غەیبی ڕزگارمان کات!! ئەوجار ڕۆژهەڵاتی کوردستان فیدراڵیزم فرۆشێکی هەرزان بایی و سواڵکەرانە بکەین!

[1] چاڵدران شارێکی باکوری کوردەوارییە کە لە نزیک ماکۆ دایە و شەڕی ناسراو بە شەڕی چاڵدران لە دەشتی چاڵدران دەستی پێکرد و سێ ڕۆژ درێژەی کێشا.


PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

**ئێمەی کورد دەبێت و زۆر زۆر پێویستە کە واز لەم سیاسەتی چاوەڕوانیە کە سەرتاپای سیاسەت و ستراتیژی و جێگای مشورخۆری داهاتومانی گرتوە بێنین. مەبەستم بەس حیزبەکانی رۆژهەلات نیە، بەڵکو هەمو حیزبەکانی کوردستانە و کەس نازانێت حکومەتی هەرێم ماتڵ و چاوەڕوانی چیە و بۆ بە ڕەسمی سەربەخۆیی ڕاناگەیێنێت و خۆی یاسایی ناکاتەوە؟ بۆ دەترسین و شەرم دەکەین باسی مافی خۆمان بکەین؟ بۆ ماتڵین کە تورکەکان بێن و لەم هەلە کە کورد هیچی نەکردوە و تا نەبوین بە شتێک و تا کەس بە ڕەسمی نەیناسیوین و تا قانونی نەبوینەتەوە، باشورمان لێ داگیر بکات؟ شەڕ دەکەین و بەرگری لە خاکمان دەکەین؟ ئێ باشە بۆ پێش ئەوەی کە ئەم شەڕە بکەین و توشی ماڵوێرانییێکی دیکەش بینەوە، مشورمان بۆی نەخواردوە؟ دەبێ هەمیشە و دایم ماتڵ و چاوەڕوان بین تا شتێک دەقەومێت، ئەوجار پارێزگاری لە خۆمان بکەین؟ بۆ دەبێت ئێمە دایمە خەریکی پوچەڵ کردنەوەی سیاسەت و شەڕی دوژمنانمان بین و دایمە هەنگاوێک تا چەند هەنگاو لە پاش دوژمنمانەوە بین؟ بۆ تەنیا جارێکیش ئێمەی کورد هەنگاوێک لە بەر دوژمنانمانەوە نەبوین؟ بۆ هیچکات دوژمنانمان بە سیاسەت غافڵگیر نەکرد؟ بۆ بیر لە مەسڵەحەتی دوارۆژی خۆمان وەک کورد ناکەینەوە؟ لەم جۆرە پرسیارگەلە تا بڵەی زۆر و بۆرن، بەڵام وڵامیان نیە بە داخەوە!**

**کورد پێویستە سیاسەتی چاوەڕوانی بۆ هەمیشە لە بیر خۆی بەرێتەوە و سیاسەت داڕێژەرانی حیزبەکان لازمە کە کەمتر حیزبی بیر بکەنەوە و زۆرتر سەرتاسەری و بۆ هەمو کوردستان بیر بکەنەوە. <u>ئەو بەشەش لە مێشکی</u> سیاسەت داڕێژەرانی حیزبەکان کە بە ئێران و عێراق و سوریە و تورکیەوە خۆی هیلاک دەکات و وزەکەی سەرفی ئەوێ دەبێت، پێویستە کە واز لەو جۆرە سیاسەتە بێنێت و هەمو مێشکی لە سەر نەتەوەکەی خۆی تەرکیز بکات و سیاسەت بۆ یەک نەتەوە بکات واتە ئەگەر کوردە با بۆ کوردی بکات، نەک بۆ 10 نەتەوەی ئێرانی یا عێراقی و هیتر، ئەگەر بۆ نمونە حیزبێکی کوردی ڕادیوێک و تلویزیۆنێک و ماڵپەڕێکی ئینتێرنێتی هەیە کە بە زەحمەت و بەدبەختی و کەم و کوڕی بۆی هەڵدەسوڕێت، با بۆ خزمەتی گەلە چەوساوە و بێ کەسەکەی کوردی بە کار بێنێت، خەمی عەجەم و تورک و عەڕەبیان نەبێت ئەوان بە سەدان و بە هەزاران و بگرە بە میلیون قاتیش لە کوردیان زیاتر هەیە، بەس فارسەکەن و ئازەریەکان بێجگە لەوەی کە هەمو نەوتەکە و گازەکە و ئابوری هەمو ئێرانیشیان بە دەستەوەیە، زیاتر لە 50 کاناڵی تلویزیونی ئۆپۆزیسیونیشیان هەیە، خەمی ئەوانتان نەبێت، ئەوان بێکەس نین، ئێوە و کورد بێ کەسن! کار بۆ نەتەوەکانیتر هەر کات و ساتێک دەتوانریت بکرێت، بە شەرتێک ئەوەڵ ماڵی خۆت پاک و خاوێن و بێگەرد و تەواو و بێ کەم و کوڕی بێت! بێجگە لەمە هەردوک لامان دەچێت، و هیچکامیان بە باشی ناکەین و زەرەری زۆری تێدا دەکەین، وەک هەمیشە کردومانە.**

**دیارە دەبێ ئەمەش بڵێم کە هێندێک کەس لە بەر تەنبەڵی و کار نەکردن و تام و بۆنی دولار، لە بیر لێ کردنەوە و سیاسەتی دروست و نەتەوە خوازیش کەوتون و تازە بە تەمان پشو بەن و چاوەڕێ بن تا دەستە غەیبیەکان بێن و دوژمنیان بۆ ڕامالن و ئەمانیش بچنە سەر تەختی سەلتەنەتی وابەستەیی و نا سەربەخۆیی! ئەمە سیاسەتی ئەمڕۆی هێندێک لە حیزبە کوردەکانە!! کەسیش نیە لێیان بپرسێت کە ئەگەر خۆتان پیر بون و توانای بیر کردنەوەتان نەماوە و هێندەتان ئاڵ و گۆڕی سیاسی کردوە کە ئیتر باوەڕتان**

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

پێ ناکردرێت و بۆخۆشتان باوەڕتان بە شۆڕش نەماوە، بۆ جێگا چۆڵ ناکەن بۆ هەزاران و بە میلیون لاوی بە جەرگ و خوێندەواری کورد، تا ئەوان سیاسەتی دروست و ئەمرۆیتان پیشان بدەن؟

بە هەر حاڵ ئەگەر بێمەوە سەر بابەتی نوسراوەکە، بە زمانێکی زۆر سادە و ڕەوان دەبێت بڵێم کە کورد پێویستە سیاسەتی نوێ بکات، کێشەی کورد جیهانی و نێونەتەوەیی بکاتەوە، کێشەکە یاسایی و قانونی بکات، داوای فیدراڵیزم نەکات، بۆ ئەوەی کە فیدراڵیزم نیوەی مافە و تەجروبەش نیشانیداوە کە ئەگەر کورد داوای نیوەی ماف بکات، لە بەر ئەوەی کە دوژمنی زۆرە نیوەی ئەو نیوەشی نادەنێ، بەڵکو کەمتر لە چارەکێک مافی ڕەنگە بدەنێ و ڕەنگیشە تورکەکان خەونەکەیان بێننە دی و باشوری کوردستانیش داگیر بکەنەوە و کورد بنێرنەوە شاخ و سی تا چل ساڵی تر لە ناو خاکی خۆیدا دەست بە سەری کەنەوە و پێشی بڵێن تێرۆریست! هەر بۆیە کورد دەبێت داوای زیاتر لە سەربەخۆییش بکات بۆ ئەوەی سەربەخۆیی یا هیچ نەبێت تۆزێک کەمتر لە سەربەخۆیی بۆ قایل بین و سەربەخۆیی کەمترین شتە کە پێویستە کوردەکان بە تێکڕای دەنگ داوای بکەن و دیاریشە ئەگەر بە تێکڕای دەنگ داوای نەکەن و هەر کەس لە هەوای خۆی بخوێنێت و یەکێک <u>فیدراڵی</u> و یەکیک <u>ئۆتۆنۆمی</u> و یەکێک <u>سەربەخۆیی</u> و یەکێک <u>ئیسلامی</u> و یەکێک <u>سوسیالیستی</u> و یەکێک <u>کومونیستی</u> و یەکێک <u>چاوەڕوانی</u> داوا بکات، بێ شک لەمەش کە هەین خراپترمان بە سەر دێت و تورکە سەلجوقەکانیش هێرشەکەیان دەکەن و کوردیش و حیزبەکانیش ناتوانن بەری پی بگرن! بە زمانێکی زۆر سادە، بۆ ئەوەی کە نایەکگرتوین، کورد بەس بە خۆیان دەوێرن و بە دوژمن ناوێرن!!

یەکێک لە سەرەکیترین سیاسەتە نێو نەتەوەیەکان کە کورد درەنگ یا زو بەم قەناعەتە دەگات کە پیویستە بیکات، بەلام ڕەنگە هێندێک درەنگ پێی بگات، هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەیە کە نزیکەی 85 ساڵ لەمەوبەر و دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و بە ژێر پێ نانی پەیمانی سێڤێر بەسترا و بە پیی ئەو پەیمانە واتە پەیمانی لۆزان، خاکی کوردستان بە سەر پێنج وڵاتدا دابەشکرا و ئێستاش کوردەکان هەر بە هۆی ئەو پەیمانەیە کە ئاوا لێک ترازاو و پرژ و بلاون. بۆیە زۆر گرنگە کە کوردەکان یەک دەنگ و یەک بەڵێن داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارە شومە بکەن و بە مەرجی هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارەش ئیتر کوردەکان لە چاوی زلهێزەکانی جیهان بە یەک نەتەوە چاویان لی دەکرێت و چکۆلەترین هێرشی تورک و فارس و عارەبیش بۆ سەر ئەم نەتەوە بە تێکڕای دەنگی وڵاتانی جیهان مەحکوم دەکرێت. ئەوجار تورکیش نایات بە ناوی دوژمنایەتی پ.ک.ک تەماع بکاتە سەر نەوتی کەرکوک و بە تەما بێت خاکی باشوری کوردستانیش داگیر بکات، بەڵکو تورکیش و فارسیش و ئازەریش و عارەبیش ناچار دەکرێن کە سەروەری نەتەوەی کورد بە سەر خاک و نیشتمان و کیانی خۆیدا قەبوڵ بکەن.

5ی خەزەڵوەری (گەلاڕێزانی) 2707

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com